ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
102
10 ی شوبات/ فێبریوەری 2025

## پلانی کۆتایی حەشدی شەعبی و ئایندەی عێراق!



**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣

* ساتوسەوداکردن بە مافەکانی منالانی کچەوە پەلەیەکی ڕەش و نەنگیە بە تەوێڵی پەرلەمانی عێراق و یاساکانیەوە!

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.....لاپەڕە..... ٥

* ناڕەزایەتیەکانی فەرمانبەران وماموستایان، بەرهەقە و خواستەکانیان خواستی هەموو خەڵکی کوردستانەو پێویستە بەتەواوی تواناوە پشتگیریان لێبکرێت!

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.... لاپەڕە..... ٦

* حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بە تەواوی تواناوە پشتیوانی لە ناڕەزایەتیەکانی ماموستایان و فەرمانبەران بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان دەکات!

لە وەڵام بە بانگەوازەکەی ئەنجومەنی سەراسەری ماموستایانی ناڕازیدا!
لاپەڕە.....٧

## داعشی دوای ئەسەد!

**عوسمانی حاجی مارف** لاپەڕە......٨

## تووڕەییەکان پێویستە ئاڕاستەی سەرمایەداری بکرێ کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانە!



**عامر سابیر**

بۆ لاپەڕە ١٠

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!



## مانگرتنی ماموستایان و ئەزموونێکی گرنگ!

**موحسین کەریم**

ئەمڕۆ ٩ی شوبات، لە(١٣) هەمین ڕۆژی مانگرتنی ژمارەیەک ماموستا و فەرمانبەر لە خواردن لە بەردەم نووسینگەی نەتەوەیەکگرتوەکان لەسلێمانی، دژی دواخستن و نەدانی مووچەکانیان و ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوەو ... تاد. لەلایەن حکومەتی هەرێم و هاوکات گرێدانەوەی بە ململانێی حەقیرانەی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمەوە، لەسەر داوای "ئەنجومەنی ماموستایانی ناڕزای"، بڕیاربوو لەبەردەم نوسینگەی حکومەت لە هەولێر، خۆپیشاندان ئەنجام بدرێ. بۆ ئەو مەبەستە سەدان ماموستاو فەرمانبەر و خەڵکی ناڕازی کە پشتیوانی مانگرتوانن، لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجەو دەڤەری ڕاپەڕین و گەرمیان

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی...............مانگرتنی مامۆستایان و ئەزمونێکی گرنگ!

و... ەوە بەرەو هەولێر بەڕێکەوتن، بەڵام کاتێک گەیشتنە بازگەی دیگەڵە رووبەرووی هێرش و پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی ئاسایش و زێرەڤانی پارتی بوونەوەو بە گازی فرمێسکرێژ و کێبڵ و دار کەوتنە لێدانی خۆپیشاندەران و لەئاکامدا چەند خۆپیشاندەر بریندار بوون. بەوجۆرە خۆپیشاندەران بەبەکارهێنانی زەبروزەنگ لەدژیان، ناچار بە پاشەکشەو گەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان کران!

ئەوەی جێگای سەرنجە، بەشێکی زۆر لە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناو پەرلەمان کە پشتیوانی خۆیان بۆ بانگەوازەکەی ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی ڕاگەیاندبوو، سەرەڕای ئەوەی دەیانهەزار دەنگی خەڵکی هەولێریان لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەماندا بەدەستهێناوە و بە دڵنیاییەوە هەزاران ئەندامیان لەناو مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵکی هەولێردا هەیە، نەیانتوانی خۆپیشاندانێکی چەند سەد کەسی لەناو شاری هەولێردا بۆ پشتیوانی مانگرتوانی سلێمانی و ئەو خۆپیشاندەرانە بەڕێبخەن کە لە سلێمانی و شارەکانی دیکەوە بەرەو هەولێر بەڕێکەوتبوون! ئەم ئەزمونەی خۆپشاندەرانی بازگەی دیگەڵە، ئەو ڕاستیەی سەلماند کە سەرجەم ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی کە خۆیان بە پشتیوانی مامۆستایان و فەرمانبەران و مانگرتووان هەڵدەخەن، ناتوانن لە هەولێر و بەرامبەر و لەدژی پارتی هیچ جوڵەیەکی سیاسی- جەماوەری لەخۆیان نیشان بدەن. سنوری چالاکی ئەوان هەرئەوەندەیە کە ژمارەیەک دەنگ کۆبکەنەوەو بچنەوە ناو پەرلەمان و حکومەتەکەی پارتیەوە و کۆمەڵێک دەسکەوتی مادی بەدەستبهێنن و هیچی ترا!

بێجگە لەوە، ئەو جۆرە لە نەرمینواندنی یەکێتی نیشتمانی بەرامبەر بە مانگرتووان و خۆپیشاندەران، چ سەردانەکەی بافڵ تاڵەبانی و دواتریش قوباد تاڵەبانی بۆلای مامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتوو، هەوڵ و پیلانێکی قێزەونە، وەکو لە قسەکانی یەکێک لە مامۆستایانی مانگرتوودا ئاشکرا کرا، بۆئەوەی دەست بکێشێتە ناو ئەم جموجوڵەی مامۆستایان و فەرمانبەرانەوە، تا لەدژی پارتی بەکاری بهێنێ لەپێناو وەرگرتنی پۆستی زیاتر لە دەسەڵات و داهاتی کوردستاندا! لەلایەکی دیکەوە لای خەڵکی کوردستانیش وا پیشان بدات کە بەپێچەوانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیەوە کە ئازادی سەرکوت دەکرێت و ڕێگا بە هیچ جۆرە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەک نادرێ، لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا ئازادی هەیە! تابەوجۆرە خەڵک و خۆپیشاندەران چەواشەبکات و هەموو تاوانەکانی حکومەتی هەرێم بخاتە ئەستۆی پارتیەوەو خۆی لێبێبەری بکات!

بەڵام ئەزمونی مانگرتن و خۆپیشاندانی ئەمجارەی مامۆستایان و فەرمانبەران ئەوەی دوپاتکردەوە کە یەکێتی و پارتی دوو حیزبی بۆرژوازی تاڵانچی دەسەڵاتدارن کە بەرپرسی هەموو ئەو نەهامەتی و کارەساتانەن بەسەر خەڵکدا هاتووەو دێت! ئەوان هەردوکیان بەپرسیاری بڕین و نەدانی مووچەو دەستبەسەراگرتنی پارووی دەمی مامۆستایان و فەرمانبەران و مووچەخۆران و خێزانەکانیان و سەرجەم خەڵکی کوردستانن. بۆیە دەبێ رووی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک و مامۆستایان و فەرمانبەران لە یەکێتی و پارتی بێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێ ئەوەیان بەڕوونی بۆ دەرکەوتبێت کە ئۆپۆزیسیۆنی ساختەچی پەرلەمانی بەناو پشتیوانی ئەوان، هیچ نین بێجگە لە کۆمەڵێک بازرگانی سیاسی کە لەسەر رەنج و قوربانیەکانی ئەوان بازاڕی خۆیان گەرم دەکەن! تەنها ڕێگای گەیشتن بە خواست و مافەکانیان و بەرگری لە داهاتوویان پشتبەستنیانە بەهێزی جەماوەریی ڕێکخراوو سەربەخۆی خۆیان.

★

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم

بۆ پەیوەندیگرتن:
ڤایبەر: 0044(0)7394013135
واتس ئەپ: 0044(0)7394013135
مۆبایل: 0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com

ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# پلانی کۆتایی حەشدی شەعبی و ئایندەی عێراق

## عوسمانی حاجی مارف

لەوکاتەوەی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق زیادیکردوە، بۆتە فشارێک لەسەر سەرکردەکانی حەشد و تیاماون و نازانن چ بڕیارێک بدەن. ئەوە باش دەزانن کە بە هەڵوەشاندنەوەیان یان یەکگرتنیان لە سوپای عێراقدا، کۆتایی ئەو پێگەیەیە ئێستایانە کە لە حکومەتی عێراقدا هەیانە. ئەوەی دەبینرێت سەرکردەکانی چەکدارە شیعەکانی سەر بە ئێران لێدوانەکانیان لە میدیا ناوخۆییەکانی عێراقدا چڕتر کردووە و جەخت لەوەدەکەنەوە کە هەرگیز چەکەکانیان دانانێن!.

شایانی باسە محەمەد شیعە سودانی، چووەتە دانوستان لەگەڵ سەرۆکی کوتلە چەکدارە شیعەکان، سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی هەڵوەشاندنەوەیان.

لەم بارەیەوە زیاتر خەریکە شەرێک لەسەر پۆستی سەرۆکی دەسەڵاتی حەشدی شەعبی بەڕێوەدەچێت.

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی نوجەبا دەڵێت، ئێمە چەکەکانمان دانانێین. مەگەر فەرمانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای دەسەڵاتی ئاینی"عەلی سیستانی"، داوامان لێبکات ئەوکاتە ناچاردەبین ئەو کارە ئەنجام بدەین. بە وتەی سەرکردەیەکیش لە چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە، ئەوە بەیان دەکات کە ڕێکەوتنێک لە ئارادایە کە بچنەناو گفتوگۆوە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەی کردووە کە شەڕی ئابووری و سزا بەسەر بەغدادا دەسەپێنێت.

ئەو کوتلانەی کە ڕەتیدەکەنەوە چەکەکانیان دابنێن یان تێکەڵ ببن لەگەڵ سوپای فەرمی عێراقدا، بە "فراکسیۆنە یاخیبووەکان" ناودەبرێن و ئەم کوتلانە لەخۆدەگرێت: "لیواکانی سەید شوهەدا، لیواکانی حزبوللای عێراق، بزوتنەوەی حزبوللای نوجەبا"

لەلایەن سەرکردەیەکی لیواکانی حزبولای عێراقەوە جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە دەستبەرداری چەکەکانیان نابن، تا ڕێکەوتن لەسەر مەرجەکان دەکرێت، بەبێئەوەی وردەکاریەکانی مەرجەکانیان بخەنەڕوو، لەکاتێکدا سەرچاوەکانی تر ئەوەی ڕایانگەیاندووە کە مەرجەکان پەیوەستن بە پۆستە باڵاکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی، لەنێویاندا سەرۆکایەتی هێزەکان، کە چیان بەسەردێت.

لەوکاتەی هەڕەشەکانی ئیدارەی ترەمپ بۆ سەر عێراق زیادی کردووە، پەیوەندی بەغدا لەگەڵ واشنتۆن زۆر خراپ بووە، لەهەمانکاتدا هێزە شیعەکان مەترسی ئەوەیان هەیە کە ترەمپ هەمان ڕێوشوێنی تیرۆرکردنی ئەبومەهدی موهەندیس و قاسم سولەیمانی بگرێتە بەر لەدژیان.

بەگوێرەی سەرچاوە عێراقیەکان، تائێستا هیچ چارەسەرێکی عەمەلی و کۆتایی و یەکلاکەرەوە سەبارەت بە پرسی فراکسیۆنە چەکدارەکان، لە دانوستانیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا نەگەیشتۆتە ئەنجامێک و بڕیارێکی دیاریکراو. سەرۆکی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە دەڵێت، "ناکرێت قەیرانی کوتلە چەکدارەکان لە شەوێکدا چارەسەر بکرێن، پرسەکە زۆر ئاڵۆزە، حکومەتی عێراقیش نایەوێت بچێتە ناو ململانێ لەگەڵ ئەو فراکسیۆنانەوە، بەڵام لانیکەم دەیانەوێت دۆخەکە هێور کەنەوە تا هیچ ڕێوشوێنێکی سزایی لەلایەن ترەمپەوە نەگیرێتەبەر."

جگە لە چارەسەرنەکردنی قەیرانی کوتلە چەکدارەکان، لەلایەکی تریشەوە، قەیرانی سەرکردایەتی دەسەڵاتی حەشدی شەعبی سەریهەڵداوە، لەناو چوارچێوەی هەماهەنگیدا هەوڵ هەیە بۆ گۆڕینی فالح فەیاض سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، کە ماوەی ١٠ ساڵە پۆستی بەرپرسی حەشدی شەعبی بەدەستەوەیە.

سەرچاوەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی هەماهەنگیەوە، نوری مالیکی تۆمەتبار دەکات بەوەی کە بەتوندی لە پشت هەوڵی گۆڕینی فالح فەیاضەوەیە، بەهۆی تورەیی ئەوەی کە فەیاض لە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانیەکی سیاسیە کە پشتگیریە لە محەمەدسودانی. هەروەها ئەو سەرچاوەیە جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کەهێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بەسەر دوو تیم دابەش بوون سەبارەت بە فالح فەیاض، تیمێک کە نوری مالیکی و قەیس خەزعەلی لەخۆ دەگرێت، پاڵپشتی لە لادانی فەیاض دەکەن، تیمەکەی تریش کە دەیانەوێت فەیاض بەردەوام بێت، سودانی سەرۆکایەتی دەکات!

شایانی باسە، قەیس خەزعەلی، سەرۆکی عەسائیب ئەهلی حەق، سەرەڕای پشتیوانی بۆ سودانی، لەمێژە فشار دەخاتە سەر فالح فەیاض بۆ وازهێنان لەسەرۆکایەتی حەشی شەعبی، بۆئەوەی فراکسیۆنەکەی خۆی پۆستی سەرۆکی هێزەکانی حەشدی شەعبی کۆنترۆڵ بکات. لەلایەکی ترەوە ئەو تیمەی پشتیوانی لە لادانی فالح فەیاض دەکەن، دەڵێن ئەم گۆڕانکاریە پێویستە بۆ وەڵام بە فشارەکانی ئەمریکا، کە داوای داڕشتنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکەن.

هەروەها سەرچاوەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ئەوەشیان ئاشکرا کردوە کە ئەبو فەداک محەمەداوی فەرماندەی لیواکانی حزبوڵای عێراقی کە

پۆستی سەرۆکی ئەرکانی دەسەڵاتی جموجۆڵی جەماوەری هەیە، دەیەوێت فالح فەیاض لەناوببات و پۆستەکەی بەدەستبهێنێت. بەڵام نوری مالیکی دانانی ئەبوفەدەک محەمەداوی لەجیاتی فالح فەیاض قەبوڵ ناکات، بەوپێیەی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەئێستادا دەیانەوێت نفوزی ئێران بەدور بگرن لەنێو دەسەڵاتی حەشدی شەعبیدا، ئەمەش وەک بەشێک لە هەوڵی دورکەوتنەوەیە لەو ڕێوشوێنانەی کە ڕەنگە ئیدارەی ترەمپ لە دژی ئەوان بیگرێتەبەر.

سەبارەت بە چارەنووسی فالح فەیاض، پێشبینی ئەوە دەکرێت دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات، چونکە بەگشتی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، دەیانەوێت بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەمەش دەرگای ململانێ دەکاتەوە لەسەر پێگەی فەیاض لە نێوان کوتلە چەکدارەکاندا، بۆیە ئەنجامی ئەم بڕیارە تائێستا دیار نیە!

ئەوەی لە دۆخی ئێستای کێشەکانی نێو فراکسیۆنەکانی حکومەتی عێراق بەرچاودەکەوێت، بەتایبەتی دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، دانوسانەکان و ڕێکەوتن لەسەریان ئاسان نیە، بەوپێیەی فراکسیۆنەکان بەو مەرجە پابەند دەبن بە دانانی چەکەکانیان، کە لەبەرامبەریدا ئیمتیازێکی زۆر بەدەست بهێنن لە دەسەڵاتی سیاسیدا، داوایانکردوە بگۆڕدرێن بۆ کوتلەی سیاسی و بەدەستهێنانی پۆستی گرنگ و هەستیار لەناو حکومەتدا، کە زۆربەیان پەیوەندیان بە خزمەتگوزاریە ئەمنیەکان و بەرەنگاربونەوەی تیرۆرەوە هەیە. بەدیهێنانی ئەو داواکاریانە بۆ حکومەتی عێراق زۆر قورسە، بەتایبەتی ئەم پۆستانە بەسەر پارتە سیاسیەکاندا دابەش کراون.

لەهەمانکاتدا لەباری عەمەلیەوە ئەوەش ناگونجێت بۆ هەر فراکسیۆنێک کە سەرکردەکانیان بەوە بگەن بڕیاری دانانی چەکی هێزەکەی قبوڵ بکات یاخود لەناو سوپای عێراقدا بتوێنەوە و سەرکردەکانیان بڕۆنە ماڵەوە دانیشن. بۆیە حکومەتی عێراق لەبەرامبەر دەورانێکی ناکۆک و سەختدایە لە پەیوەند بە چارەسەری ئەم کێشەیەوە.

لەڕاستیدا ئەنجامدانی کارێکی لەو چەشنە دەبێتە مایەی لاوازیی پێکهاتەی حکومەتی ئێستای عێراق، کە پێکهاتەیەکە لە چەند هێزێکی میلیشیا. لەهەمانکاتدا ئەوەش جێگای پرسیارە کە کاریگەری لەسەر پاراستنی مانەوەی سەرۆک وەزیران بۆ محەمەد سودانی دادەنێت لە ئێستاو لە هەڵبژاردنەکانی مانگی دوانزەی ئەمساڵدا.

بەگشتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا بەدوای ڕوخانی ئەسەد پێشهاتووە، هاوکێشەی سیاسی، بەدوای چەندین ساڵ لەهەوڵی بەرجەستەکردنەوەی دەسەڵاتی شیعەگەرا و فراوانکردنی نفوزی ئێران، بەجۆرێک گۆڕدراوەو بەزیانی ئێران و حکومەتی عێراقە، کە حکومەتی عێراق کەوتۆتە بەردەم پاشەکشەیەک پێویستی بەوە دەبێت خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ناوچەکە بگونجێنێت، گەر بتوانێت، چونکە نەگونجاندن، دەسەڵاتی سیاسی چوارچێوەی هەماهەنگی بەرەورووی کۆتاییهاتن دەکاتەوە.

هەر لەم دۆخ و ئاڵوگۆڕەدایە کە حکومەتی عێراق لەژێر فشاردایە، بارزانی و پارتی ڕێڕەوی مامەڵەیان لەبەرامبەر حکومەتی بەغدادا خستۆتە سەر سکەی فشارهێنان لەسەر حکومەتی عێراق، دەربارەی هەناردەکردنی نەوت و بودجەو بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی و یاریکردن بە موچەو گوزەرانی فەرمانبەران و خانەنشینان.

لەکاتێکدا هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حەشدی شەعبی و گوندەیی دەسەڵاتی شیعەکان، کارەسات بووە بۆ ژیانی ئینسانی و هاوچەرخی دانیشتوانی عێراق، لەهەمانکاتدا هەڵوەشانەوەشیان لە ڕێڕەوی ململانێ و شەڕی ئێستای کۆنەپەرستانەی نێوان لایەنە ئیسلامی و نەتەوەپەرستی و پێکهێنانی عێراقیکی فیدراڵیدا و لە دۆخی ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ناوچەکەدا بەردەوامی تراژیدیاو کارەساتەکانە لە چوارچێوەو شێوازی تردا.

ئەم دۆخەی ئێستا عێراق لەبەردەم دەورانێکی ڕاگوزەردایە، بەتایبەتی لە میانەی توندبونەوەی ململانێ ئیسرائیل و ئەمریکاو ئێراندا، ئەگەری پێشهاتنی ئاڵوگۆڕی ترو کارەسات و تراجیدیایە بە ژیان و ئایندەی دانیشتوان، بۆیە عێراق لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە هەڵسانەوەی ئەو خرۆشانە جەماوەریەیە کە لە ئۆکتبەری ٢٠١٨دا حکومەتی عێراقی لەرزاند، هەڵسانەوەیەکی ڕێکخراوتر و فراوانتر بە ئاسۆ و ئامانێجکی ڕۆشن، کە ئاراستەکەی کۆتاییهێنان بێت بەپێکهاتەی حکومەتی بەشبەشێنەی هێزە قەومی و ئیسلامی و تائیفیە میلیشیاکان، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حکومەتێک کە بەدەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا جێکەوێت، بەرەو ڕێڕەوی بەرجەستەکردنەوەی هاووڵاتیبون و ئازادی و یەکسانی هەنگاو بنێت.

☆

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

# ساتوسەوداکردن بە مافەکانی منداڵانی کچەوە پەڵەیەکی ڕەش و نەنگیە بە تەوێڵی پەرلەمانی عێراق و یاساکانیەوە!

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢١ی کانونی دووەمی ٢٠٢٥، پەرلەمانی عێراق لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و ساتوسەودایەکی سیاسی پێشتری نێوان لایەنە ئیسلامیە شیعە و سوننە و ناسیۆنالیستە کوردەکاندا، (٣) یاسای جیاوازی پێکەوە لەناو نارەزایەتی بەشێکی بەرچاو لە ئەندام پەرلەمانەکان و بەپێچەوانەی شێوازە باوەکانی دەنگدانەوە، پەسەندکرد و تێپەڕاند. ئەو یاسایانەی کە لەم بەندوبەستەی لایەنە قەومی و مەزهەبیەکانەوە داسەپێندران، بریتی بوون لە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، بەپێی مەزهەبەکانی سوننە و شیعەی جەعفەری، لەلایەن کوتلەی پەرلەمانی شیعەکان و یاسای لێبوردنی گشتی، لەلایەن سوننیەکانەوە، لەگەڵ یاسای گەڕانەوەی ئەو موڵکانەی لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەستی بەسەردا گیرابوو لەلایەن ئەندام پەرلەمانە کوردەکانەوە، پێشنیارکرابوو.

بێگومان پێکەوە دەنگدان لەسەر (٣) ی یاسای جیاواز و تێپەڕاندنی بەوجۆرەی کە ڕێکەوتنی لەسەرکرابوو، دەرخەری جەوهەری کۆنەپەرستی و داڕزیوی سەراپا سیستەمێکی فیدراڵی_قەومی لە عێراقدا، دەخاتەبەرچاو کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە سیاسیەکانی دەستەوتاقمی قەومی و ئاینی و تیرەگەری دامەزراوە، کە نەک هەر هیچ جێگایەک بۆ مافی هاوڵاتیبوونی یەکسان، دادپەروەری، لە کەمترین ئاستیدا ناهێڵێتەوە، بەڵکو لەبنەوە، مانای لەئارادابوونی پەرلەمان و سیستەمی دیموکراسی و دەنگدانی هاوڵاتی، لە هەرە ئاستی نزمی خۆیدا لە عێراقدا دەخاتە ژێر پێی سەرانی بەرژەوەندیخواز و فاسدی عەمامە بەسەر و مەلا و نەتەوەچییەکانی لایەنە ئیسلامی و قەومیەکانەوە، کە تائێستا کارنامە و مێژوویەکی پڕ لە گەندەڵی و تاوانکارییان دەرهەق بە خەڵکی عێراق و کوردستان تێپەڕاندووە. خودی ئەوەی کە لەم سەودا و ڕێکەوتنەی ئەم دەستەوتاقمانەدا، لاقەکردنی کچانی (٩) ساڵ، لەڕێگای پەرلەمانەوە دەکرێت بەیاسا و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچانی منداڵ شەرعیەت پێدەدات، لە ڕوانگەی ئێمە و خەڵکی ئازادیخواز و ژنان و بەرەی نارازییانی کۆمەڵگەوە، ئەو پەرلەمانە جگە لە دەزگایەکی بێبەها و ناشەرعی هیچی تر نییە. ئیتر ئەو ڕاستیە دەرکەوتووە کە خودی پەرلەمان کە گوایە ئەنجومەنی "نوینەرانی خەڵکە" ئامرازێکە بە دەست دەستەوتاقمێکی کۆنەپەرستەوە، کە ئامادەن بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان و سەپاندنی باوەڕ و سیاسەتی دژەژنی و دژە ئینسانییان، کۆمەڵگە بەرەو دواوە ڕاپێچ بکەن و لە بێڕەوشتی و فەساد و کۆنەپەرستیدا نوقمی بکەن.

ئەوەی کە ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان لەناو پەرلەمان، دەنگیان بەو یاسایانە داوە، شانازی بەوەوە دەکەن کە توانیویانە مافێکی مێژوویی بۆ ئەو هاوڵاتیە کوردانە بگێڕنەوە کە لەسەردەمی بەعسدا ماڵومولکیان داگیرکراوە. بەڵام بەو کارەیان گەورەترین تاوانیان بەرامبەر بە کچانی منداڵی عێراق ئەنجامداوە و دەبێ بکەونە بەر نەفرەتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. دەبێ ئەو ئەندام پەرلەمانانەی دەنگیان بەو یاسا دڕندانە و نامرۆڤانەیە داوە، لەهەر جێگایەک ببینرێن، وەکو تاوانبارێکی منداڵبازی خەتەرناک تەماشا و ڕیسوا بکرێن.

ئەم ساتوسەودا قێزەونە لەسەر ژیان و کەرامەتی خەڵکی عێراق و ژنان و منداڵانی کچی عێراق دەبێ ڕیسوا بکرێ. دەبێ پەرلەمانی عێراق و هەموو ئەو هێزانەی لەپشتی دەرکردنی ئەم یاسا قێزەونەوە ڕاوەستاون و بەرگری لێدەکەن، بکەونە بەر نەفرەتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و عێراق. دەبێ نارەزایەتیەکانی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان و عێراق، لە ماوەی ٤ مانگی ڕابردوودا دژ بە هەوڵەکانی تێپەڕاندنی ئەم یاسا داڕزیوەی دەستدرێژیکردنە سەر کچانی منداڵ و سەپاندنی یاسا دینی و مەزهەبیەکان بەسەر ژناندا لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، لە چەندین شاری کوردستان و عێراق، کە توانی تێپەڕاندنی ئەم دەستدرێژیە بۆ سەر جەستە و کەرامەت و مافەکانی منداڵانی کچ بەتایبەتی و ژنان بەگشتی دوابخات، ئێستا بە گوڕوتینێکی گەورەتر و فراوانترەوە بێتەوە مەیدانی شارەکانی کوردستان و عێراق. دەبێ ئەم سوکایەتی و دەستدرێژیە بۆ سەر ژنان و کچانی منداڵ دەستبەجێ بوەستێنرێت! پێویستە لە ئاستی ڕێکخراوەکانی ژنان و بەرگری لە مافەکانی منداڵان و سەرجەم ڕێکخراو و کەسایەتی ئازادیخوازی دنیا جوڵەیەکی گەورە و کاریگەر دروستبکرێ تا پەرلەمانی عێراق و دەزگای دادوەری عێراق ناچار بە پاشەکشە و هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەناو یاسا قێزەون و داڕزیوە بکەین.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٦ی کانونی دووەم/٢٠٢٥**

# ناڕەزایەتیەکانی فەرمانبەران ومامۆستایان، بەرهەقە و خواستەکانیان خواستی هەموو خەڵکی کوردستانەو پێویستە بەتەواوی تواناوە پشتگیریان لێبکرێت!

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

نزیکەی هەفتەیەکە ژمارەیەک لە مامۆستاو فەرمانبەر، وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر دواکەوتنی موچەو خراپی بژێوی ژیانیان، لەبەردەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لەشاری سلێمانی خیمەیان هەڵداوە و بەشێکیان مانیان لەخواردن گرتوە. وەک پشتیوانیەکیش بۆ ئەم ناڕەزایەتیەی مامۆستایان وفەرمانبەران، ڕۆژانە بە سەدان هاوڵاتی سەردانی خێمەی مانگرتوەکان دەکەن و هاوکات لە ناوچەی شارەزور و دەڤەری ڕاپەرین، مامۆستایانی ناڕازی، لەکۆبونەوەی جەماوەری و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیەکانیاندا، هەم ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر دۆخی ژیان و گوزەرانی مامۆستا و فەرمانبەران دەربڕیوەو هەم هاودەنگی و پشتیوانی خۆیان بۆ خواستەکانی مامۆستاو فەرمانبەرانی مانگرتوی سلێمانی دەربڕیوە. لەهەولێریش سەرەڕای ڕێگریکردن لەخۆپیشاندان و گردبونەوە و هەڕەشەو دەستگیرکردنی هەڵسوراوان، لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی پارتیەوە، مامۆستایانی گرێبەست، پشتیوانی خۆیان بۆ خواستەکانی مامۆستاو فەرمانبەرە مانگرتوەکانی سلێمانی دەربڕیوە.

هەرئەمڕۆش ئەنجومەنی سەراسەری مامۆستایانی ناڕازی، وەک پشتیوانیەک بۆ خواستەکانی فەرمانبەران و مامۆستیان، لەبەیاننامەیەکدا بانگەوازێکی بۆ خۆپیشاندانی فراوانی جەماوەری بڵاوکردۆتەوە..

هەموو ئەم ناڕەزایەتی و هەوڵ و خەباتەی مامۆستایان و فەرمانبەران، بەدوای ئەوەدا دێت کە سەرجەم حیزبەکان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، لەسەردەمی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا، بەڵێنیاندا کە کێشەی موچەی مامۆستا و فەرمانبەران چارەسەردەکەن، تەنانەت لەپێشوازیکردنی سەردانەکەی سودانیدا، بۆلای حیزبەکان و دەسەڵات، پروپاگەندەی سەرتاپا لەدرۆ و چاوبەستیان بڵاوکردوە و بەخەڵکیان ووت کەسودانی ئامادەیی دەربڕیوە کێشەی موچەی فەرمانبەران و"شایستەداراییەکانی هەرێم" چارەسەر بکات. بەڵام نەک ئەو بەڵێنانە هەموویان بەکردەوە بوونە بەشێک لە بەڵێنە درۆیینەکانی کاتی هەڵبژاردن، بەڵکو کارنامەی هەردوو حکومەتی عێراق وهەرێم، بەگشتی بەرامبەر بەژیان و گوزەرانی خەڵک و بەتایبەتیش بەرامبەر بەموچەی موچەخورانی هەرێم، لەمێژە ناوەڕۆکی بەرژەوەندیخوازی و دژەخەڵکی و نابەرپرسیارانەی هەردولای لەمەحەک داوە و چیتر جێگایەکی بۆ ئەو ئومید و داوایە نەهێشتۆتەوە کە بابەتی موچەی هاوڵاتیانی هەرێم لە ململانێی نیوان هەرێم وبەغدا و کێشەکانی نیوانیان دەربکێشرێ و وەک باقی موچەخۆرانی عێراق مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

بێگومان ئەو شەپۆلە لە ناڕەزایەتی پشتیوانی و دەربڕینی هاوپشتی بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتوو، ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە هەردوو حوکمەتی هەرێم و بەغدا، وەک دوو دەسەڵاتی چینی سەرمایەدارو بازرگانان و خاوەن سەرمایەو کۆمپانیاکان، لەچوارچیوەی سیستمێکی فیدراڵی قەومیدا، مەسەلەی مووچەو بژێوی خەڵکیان بەبارمتەگرتوەو وەک کارتێکی سیاسی بۆ داسەپاندنی مەرج و ئیمتیازاتی سیاسی و ئابوری بەسەر یەکتردا و بۆ فراوانکردنەوەی قەلەمڕەوی دەسەڵاتیان بەسەرخەڵکدا بەدەستەوەگرتوەو هیچ لایەکیان خۆیان بەبرپرسیاری ژیان و بژێوی هاولاتیانی ژێردەستیان نازانن. بەتایبەتیش حکومەتی هەرێم کە ڕۆژانە سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی بەتالان دەبات و لەڕێگای بەگەڕخستنی سەدان کۆمپانیا و داسەپاندنی گرانی و هەژاری و بێکاری و خۆدزینەوە لە خزمەتگوزاریەکان و سەپاندنی باج و سەرانەوە، دەیان ملیار کۆدەکاتەوە، بەرپرسیاری یەکەمە لەدابینکردنی مووچەی موچەخۆرانی کوردستان و دەبێ لەلایەن جەماوەری ناڕازی کوردستانەوە ناچار بکرێت بەسەلماندنی ماف و داواکاریەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵکی مەحرومی کوردستان. ئەوەشی کە مامۆستایان و فەرمانبەران داوادەکەن موچەکانیان پێبدرێت، پلەی وەزیفیان بەرزبکرێتەوەو دابمەزرێن...

سەرەتاییترین ماف و داوای بەرهەقی هاوڵاتیانە و ئەرکی هەر حکومەتێکە وەڵامی بەکردەوەی پێبداتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وێرای ئەوەی پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران و هەوڵ و خەباتەکەیان بۆ گەیشتن بەداخوازیەکانیان دەردەبڕێ، هاوکات لەکەنار ڕێکخەران و هەڵسوراوانی نارەزایەتیەکانیاندا ڕادەوەستێت و پشتیوانی گەرمیان لێدەکات. هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان داوا لەسەرجەم خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و لاوان و بێکاران و جەماوەری بێبەش دەکات کە بەهەرجۆرێک بۆیان گونجاوە، پشتیوانی لەنارەزایەتی و داخوازیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتوو بکەن و بەتەنها جێیان نەهێڵن. بگرە دەبێ هەموو بەشە نارازیەکانی کۆمەڵگا هاوشێوەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی نارازی لەدەوری داخوازیەکانیان کۆببنەوەو یەخەی دەسەڵاتداران بگرن. بەدڵنیایەوە تەنها بەخەباتی یەکگرتوانەو هێنانەمەیدانی هێزی ڕێکخراوی جەماوەری، دەتوانرێت نەک هەر موچەو قوتی خەڵک لەچنگی دەسەڵاتداران دەربکێشرێت، بەڵکو ڕێگا بەرەو داهاتویەک بکرێتەوە کەژیانێکی ئاسودەو خۆشگوزەران بۆهەموان دەستەبەر بکات.

**سەرکەوتوبێت، مانگرتنی فەرمانبەران ومامۆستایان.**

**پەرەگەرتوو بێت خەباتی جەماوەری زەحمەتکێش بۆ بەدەستهێنانی ژیان و بژێوەیەکی شایستە.**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**۲/۲/۲۰۲۵**

# حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بە تەواوی تواناوە پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان دەکات

## لە وەڵام بە بانگەوازەکەی ئەنجومەنی سەراسەری مامۆستایانی نارازیدا!

دوێنێ ئێوارەی ٧ی شوباتی ٢٠٢٥ لەلایەن ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازییەوە، بانگەوازێک بڵاوکرایەوە بۆ گواستنەوەی مانگرتن و خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ هەولێر. لەناو ئەو لایەن و حیزبە سیاسیانەی کە بانگەوازەکەیان ئاراستەکرابوو بۆ هاوکاری و پشتیوانیکردن، حیزبی ئێمە بوو.

ئێمە وەکو چۆن هەمیشە و لە ساڵانی ڕابردودا، لایەنێکی بەشدار و پشتیوان بووین لە خۆپیشاندان و مانگرتن و نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵکی نارازی کوردستاندا و بەردەوام لە سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردن لە داخوازیەکانی ئەواندا ڕاوەستاوین، بەهەمان شێوەش لەو ڕۆژەوەی کە مانگرتن و خێمەهەڵدانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سلێمانی دەستیپێکردوە، بەردەوام و ڕۆژانە لەپاڵیاندا ئامادەبووین و بەرگریمان لە خواستە ڕەواکانیان کردووە. سەرەڕای تێبینیمان لەسەر مانگرتن لە خواردن وەکو شێوازێکی خەباتکردن، کە ڕاستەوخۆ تیمەکانی ئێمە لەوبارەوە لەگەڵ مامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتوودا قسەوباسیان کردووە و دڵسۆزانە پێیان ڕاگەیاندوون کە ژیان و سەلامەتی خۆیان لە هەموو شتێک گرنگترە، بەڵام بێدوودڵی پشتیوانییان لێکردوون و لە پشتیوانیکردنیش بەردەوام دەبین.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بانگەوازەکەی ”ئەنجومەنی سەرانسەری مامۆستایانی نارازی“ بەوجۆرەی کە بانگەوازی بۆکراوە، سەرەڕای هەر سەرنجێکمان، ئێمە ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازی و مامۆستایان و فەرمنەبەران لە خەباتەکەیاندا بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان، بەتەنها جێناهێڵین و لەپشتیان ڕادەوستین، لەوانەش بردنی مانگرتنەکە بۆ هەولێر. هەر لێرەش بانگەوازی سەرجەم خەڵکی نارازی کوردستان بەگشتی و مامۆستایان و فەرمانبەرانی دانیشتووی شاری هەولێر دەکەین کە بۆ سەپاندنی داخوازیەکانمان بەسەر دەسەڵاتداراندا، بەشێوەی گونجاوی خۆیان پشتیوانی بکەن و پێبنێنە مەیدانەوە.

**سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٨ی شوباتی ٢٠٢٥**

# داعشی دوای ئەسەد!

## عوسمانی حاجی مارف

ئەو دۆخەی لە ناسەقامگیری و گێژاوی سیاسی دوای رووخانی رژێمی ئەسەد هاتۆتە ئاراوە، ئەگەری فرسەتی زیاتر بە داعش ئەدات کە لە مۆڵگە بیابانیە دوورەکانیەوە بگەڕێتەوەو لە ناو سوریادا فراوانتر بێت، ئەمەش دوای نزیکەی شەش ساڵ لە رووخانی "خەلافەت"ەکەی، ئەگەری ئەوە هەیە پێگەیەکی تر بەدەست بهێنێتەوە. بنکەی داعش کە لە ئەفغانستانە، دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٢١دا، هێزی خۆی گەشاندەوە، هەروەها کەسانی توندڕەوی لە دانیشتوانی ئاسیای ناوەڕاستیش قۆستۆتەوەو رێکیخستون.

ئاکامی بۆشاییەک کەبەدوای روخانی ئەسەد سەری هەڵداوە و سوریا لە گێژاوێکی سیاسی و دۆخێکی تەواو ناجێگیر و نارۆشندایە، ئەگەری شەڕی ناوخۆ لە سوریا، فرسەتی ئەوە ئەدات بە داعش لە سوریا کۆبێتەوەو فراوانتر ببێت، بەتایبەتی کە هەیئەی تەحریری شام بۆ خۆشیان لە پاشماوەکانی داعشن، وەها مەزەندە دەکرێت کە هێرشەکانی داعش لە سوریا لە ساڵی ٢٠٢٤دا بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو سێ هێندە زیادی کردووە، هێرشەکانی لە رووی جوگرافیەوە زیاتر فراوان بۆتەوە.

یەکێک لە مەترسیەکان ئەوەیە ئەو زیندانیانەی لای هێزە کوردیەکانە کە هەزاران ئەندامی داعشی تێدایە، لە کاتێکدا کە ئەو هێزە کوردیانە گەمارۆدراون، پاراستنی زیندانیەکان بۆیان زەحمەت دەبێت، لەلایەکی تریشەوە ئەحمەد شەرع لە هەوڵی مامەڵەکردنە بە زیندانەکانەوە، ئەمەش خاڵێکی تری پێکهێنانی نالەبارکردنی دۆخەکەو بەهێزکردنی تیرۆرستانە بە داعش و قاعیدەو هاوشێوەکانیانەوە.

لەلایەکی ترەوە لەم دۆخەدا مەسەلەیەک کە جێگای سەرنجە بەدوای روخانی رژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا، وایکردووە لایەنە هاوپەیمانەکانی ئێران لە عێراق بە هەوڵەکانیاندا بچنەوە، سەبارەت بە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، چونکە کەوتنی ئەسەد کە هاوپەیمانی ئێرانە، بۆتە هۆی لاوازبونی نفوزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا، ئەمەش وایکردووە ئەو گروپانەی هاوپەیمانی ئێرانن لە عێراق هەست بە لاوازی بکەن، بەتایبەتی مەترسیان لەبەرامبەر جوڵەکانی داعشدا.

زۆرێک لە لایەنە عێراقیەکان ترسیان لەوە هەیە کە داعش ئەو بۆشاییەی دوای ئەسەد پێشهاتووە کەڵکی لێوەربگرێت بۆ گەڕانەوە، لەکاتێکدا گەر سەرکردایەتی نوێ بە دەوری هەیئەی تەحریری شام و بە پشتیوانی تورکیا لە سوریا خۆی دامەزرێنێت، مەترسیەکە زیاتر دەبێت، چونکە دەبێتە مایەی بەهێزبونی هێزە سونیەکان لە عێراقدا، کە کاریگەری دەبێت لەسەر لاوازکردنی زیاتری پێگەی هێزە شیعەکان لە حکومەتی عێراقدا.

بەرپرسێکی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان ئەوەی راپگەیاندووە، زۆربەی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، ئێستا پشتگیری لە بەردەوام بوونی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکەن. بەڵام ئاشکرایە کە پێشتر زۆربەی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بون لەعێراق و داوای چونە دەرەوەی ئەمریکیان دەکرد، ئەوەیان رادەگەیاند کە هێزە سەربازیەکانی عێراق بە حەشدی شەعبیەوە ئامادەن و ئەتوانن شەڕی داعش بکەن!.

بەڵام ئەم بادانەوەیەی شیعەکانی عێراق بەرامبەر بەبونی هێزەکانی ئەمریکا، ترسیان لەوە هەیە داعش ئەو بۆشاییە ئەمنیە بقۆزێتەوە کە بەدوای جێهێشتنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر پێکهاتەی حکومەتی ئێستای عێراق و لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر چۆنیەتی دەخالەتی کۆماری ئیسلامی لەعێراقدا دەبێت.

دەتوانین بڵێین ئێران لەم دۆخەدا دەکەوێتە بەردەم ناکۆکیەکەوە، کە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ، یان چونەدەرەوەی لە عێراق، لە بەردەم دۆخێکی پر گێژاودا بەرەوروو دەبێتەوە، بەتایبەتی کە دوای کۆتایی ئەسەد پاشەکشە بە پێگەو نفوزی کراوە.

بەرپرسێکی باڵای "دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق" رایگەیاند، لە میانی کۆبونەوەیەکی حکومەتی عێراقدا، ئاماژە بەوەدراوە، کە ئێستا لە بەرژەوەندی عێراق نیە داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق بکات. ئەمەریکا نزیکەی ٢٥٠٠ سەربازی لە عێراق هەیە لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانیەتەی کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا بۆ بەرەنگاربونەوەی تاقمی داعش پێکهێنرابوو. هاوپەیمانیەکە هێزەکانی وڵاتانی دیکە بەتایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا لەخۆدەگرێت.

دوابەدوای دەستپێکردنی داگیرکاریەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و لوبنان، لایەنە چەکدارەکانی پاشکۆی ئێران ئەو بنکەیەیان لە عێراق و سوریا ⟸

کردە ئامانج کە هێزەکانی ئەمریکایان تێدایە، لە تۆڵەی پشتیوانی واشنتۆن بۆ ئیسرائیل.

ئەم فراکسیۆنانەی کە داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایان دەکرد، بەڵام لە دوای رووخانی رژێمی بەشار ئەسەدەوە، بە ئامانجگرتنی بنکەکانی ئەمریکایان راگرتووەو ناشخوازن ئێستا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەرچێت. ئەمەش ئاکامی سەوداو مامەڵەیەکە کە جگە لە مەترسیان لە داعش، لەهەمانکاتدا لە زۆرلایەنەوە چوارچێوەی هەماهەنگی و هێزەکانی حەشدی شەعبی کەوتونەتە بەر لێشاوی لاوازبون و هەرەشەی هەڵوەشانەوە.

هەنگاوە سیاسیەکانی ئەمریکا لە ململانێ و دەخالەتی بەردەوام و هەڵگیرسانی جەنگی گەورەو دواتر کشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان و پشتیوانی لە داگیرکاریەکانی ئیسرائیل و کوشتاری دەیان هەزارو وێرانکاری و رێگاخۆشکردن بۆ هەیئەی تەحریر شام...هتد جگە لە فەراهەمهێنانی ناسەقامگیری و گێژاوی سیاسی درێژماوەی دەیان ساڵە لە ناوچەکەدا شتێکی تر نەبووە، کە مایەی روودانی گەورەترین کارەسات و سەدان هەزار قوربانی بووە، لەهەمانکاتدا بەرجەستەکردنەوەی بێئیرادەکردنی دەوری جەماوەری خەڵک بووە لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و دەوور دەخاڵەتیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

سەرباری ئەم هەموو رۆڵە نائینسانیەی ئەمریکا دەیبینێت، لە درێژەدان بە داگیرکاری کارەسات و وێرنکاری و کوشتاری بە کۆمەڵ و مامەڵەکردن و یاریکردن بە چارەنوسی خەڵک، ئەوەی جێگای شەرمەزاریە، کە هێزو لایەنە ناسیۆنالستەکانی کوردستان لە تەواوی ژیانی سیاسیاندا ، جگە لە ئەزمونی مەزنی کۆبانی ، چاوەروانی و تەواوی ئومێدی سیاسیان لەسەر دەوری نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکا دارشتووە، هەموو سەرشۆڕی و ملکەچیەک قەبوڵ دەکەن لە پێناو مامەڵەیەکی سیاسیدا، یان دەستکەوتێکی دارایی، گەر هەزاران کەسیش ببنە قوربانی.

ئێستاش لەبەرامبەر مەترسی داعش و دۆخی ناجێگیری سوریا و ناوچەکەدا، گەر شەنگالێکی تریش دوبارە بێتەوە، چاوەروانن لەرێگەی نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە دەستکەوتێکی "زێرینیان" هەبێت!.

بەدوای وێرانکاری شاری موسڵ و کوشتارێکی بێشومار و روخانی خەلافەتی داعش، هێشتا داعش ماوەو مەترسیەکی گەورەیە، سەرمایەداران و هێزە سیاسیەکانی بۆرجوازی، لەگەڵ ئەوەی بانگەوازی دژی داعش ڕادەگەیەنن، بەڵام لەبەرامبەر نارەزایەتی و خرۆشانی جەماوەریدا پێویستیان بە داعشە، توردانی مەترسی داعش و پاکردنەویان پێویستی بە شۆرشی جەماوەریە.

# دیسانەوە دەربارەی پارە

### تایبەتمەندیەکانی پارە( یان سیفاتەکانی پارە)

تایبەتمەندیەکانی پارە وەکو (١) پێوانەی ئاڵوگۆری کاڵا؛ (٢) ئامێری(وسیلە)ی ئاڵوگۆڕ؛ (٣) نوێنەری کاڵاکان ( واتە بابەتی گریبەست) ؛ (٤) کاڵایەکی گشتی لەپاڵ کاڵا تایبەتەکاندا، هەموویان بە سادەیی لەو کاراکتەرەیەوە دێن کە وەکو بەهای ئاڵوگۆڕ لە خودی کاڵاکان جیابۆتەوە و بوەتە شتێکی بەرجەستە. ( بەپێی تایبەتمەندیەکەی وەکو کاڵایەکی گشتی لە پەیوەند بە هەموو ئەوانی دیکەوە، وەکو بەرجەستەبوونی بەهای ئاڵوگۆڕی کاڵاکانی دیکە، پارە لەهەمانکاتدا دەبێتە بەرجەستەبوون و هەمیشە بەرجەستەبوونی شێوەی سەرمایە؛ شێوەیەکی دەرکەوتنی سەرمایە کە هەمیشە موعتەبەرە. تایبەتمەندیەک کە لە ئاوەرۆی پارچە کانزا( سبائک) وەوە دەردەچێت؛ بەوجۆرە سەرمایە لە مێژوودا لە سەرەتادا تەنها لە فۆرمی پارەدا دەرکەوتوە؛ ئەمە، سەرەنجام، پەیوەندی نێوان پارەو رێژەی سوود و کاریگەریەکەی لەسەر ئەوەی دووەم روونەکاتەوە.)

بەورادەیەی کە بەرهەمهێنان بەجۆرێک شکڵی پێدراوە کە هەموو بەرهەمهێنێک وای لێدێ پشت بە بەهای ئاڵوگۆری کاڵاکەی ببەستێت، بۆنمونە؛ کاتێک بەرهەم بەشێوەیەکی رۆژدوای رۆژ زیاتر لە واقعدا دەبێتە بەهای ئاڵوگۆر، هەروەها بەهای ئاڵوگۆر دەبێتە بابەتی راستەوخۆی بەرهەمهێنان – بەهەمانرادە پێویستە پەیوەندیەکانی پارەش پێکەوە لەگەڵ ناکۆکیە بەردەوامەکانی ناو پەیوەندیەکانی پارەدا، لە پەیوەند بە خودی بەرهەمەوە بەشێوەی پارە، گەشە بکات. پێویستی ئاڵوگۆرو گواستنەوەی بەرهەمێک بۆ بەهایەکی ئاڵوگۆری پوختی هاوشانی دابەشبوونی کار گەشەدەکات، بۆنمونە؛ لەگەڵ شێوازی کۆمەلایەتی رووڵەسەری بەرهەمهێنان. بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی ئەوەی دووەمدا، توانای پارەش گەشەدەکات، بۆنمونە؛ پەیوەندی ئاڵوگۆڕ خۆی وەکو هێزێکی دەرەکی و سەربەخۆ لە بەرهەمهێن دادەمەزرێنێ. ئەوەی کە لە بنەرەتدا وەکو هۆکارێکی رەواجدان بە بەرهەمهێنان دەردەکەوت، دەبێتە پەیوەندیەکی نامۆ بۆ بەرهەمهێنان. بەورادەیەی کە بەرهەمهێنەران وایان لێدێت زیاتر پشت بە ئاڵوگۆر ببەستن، بەو رادەیە ئاڵوگۆر دەبێتە شتێکی سەربەخۆ لەوان، هەروەها کەلێنی نێوان بەرهەم وەکو بەرهەم لەگەڵ بەرهەم وەکو بەهای ئاڵوگۆر فراوانتردەردەکەوێ. پارە ئەم ئەنتی تێزو ناکۆکیانە دروست ناکات، بەڵکو ئەوە بەرەوپێچوونی ئەم ناکۆکیانەو ئەم ئەنتی تێزانەیە کە ئەو توانا بەرواڵەت لەرادەبەرەی پارە دروست دەکەن.

**مارکس .. گروندریسە.. چاپی ئینگلیزی.... چاپخانەی پەنگوین... لاپەرە ١٤٦**

# تووڕەییەکان پێویستە ئاڕاستەی سەرمایەداری بکرێ کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانە!

**عامر سابیر**

**یەکەم:**

له دوایین هەڵبژاردنی ئەمریکا بۆ سەرۆکایەتی کە لە ٤/١١/٢٠٢٤ بەڕیوە چوو، ٨٩ ملیۆن کەس کە زۆرینە بوو، بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد، ئەمە زۆر زیاتر بوو لەوانەی دەنگیان بە ترامپ داوە کە تەنها ٧٦ ملیۆن دەنگی هێنا.

زانکۆی فلۆریدا لە ئەمریکا، بەشێکی هەیە کە پێی دەوترێت (تاقیگەی هەڵبژاردن-ئیلێکشن لابرەتۆری)(١) کە بە دیقەتەوە تۆماری هەموو دەنگدانەکانی ئەمریکا لە خۆ دەگری و لێکۆڵینەوە و شیکاری بۆ ئەنجامەکانی ئەکات. تاقیگەی هەڵبژاردنی زانکۆی فلۆریدا ئەم تۆمارانەی لای خوارەوەی بڵاوکردۆتەوە لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی رابردوو، کە دۆناڵد ترامپ براوەی بوو.

سەرجەم دانیشتوانی ئەمریکا نزیک بە ٣٣٤ ملیۆن کەسە. سەرجەم ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، نزیک بە ٢٤٥ ملیۆن کەسە. سەرجەم ئەوانەی دەنگیان نەدا و بایکۆتیان کردبوو سەرەڕای ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبوو ٨٩ ملیۆن کەس بوون.

سەرجەم ئەوانەی دەنگیان بە دۆناڵد ترامپ دابوو٧٦.٩ ملیۆن کەس بوون.

سەرجەم ئەوانەی دەنکیان بە کامیلە هاریس دابوو ٧٤.٤ ملیۆن کەس بوون.

ڕێژەی دەنگدەران بەپێی ویلایەتەکان جیاواز بوو، بۆ نموونە لە ویلایەتی (مینیسۆتا) ئەوانەی دەنگیان دابوو بە ڕێژەی ٧٦٪ بوو، وە لە ویلایەتی (هەوای) ژمارەی بەشداربووان بە ڕێژەی ٥٠٪ بوو.

لێرەدا ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە ژمارەی ئەوانەی بایکۆتیان کردووە و دەنگیان نەداوە ٨٩ ملیۆن کەسە. ئەمە ڕێژەیە زۆر زیاترە لەوانەی کە دەنگیان داوە بە هەر یەک لە کامیلە هاریس کاندیدی دیموکراتەکان و دۆناڵد ترامپ، کە ئێستا بووە بە سەرۆک. دەنگەکانی ترامپ بە ڕێژەی سەدی ئەکاتە تەنها ٣١.٣٪ دەنگی دەنگدەرانی ئەمریکا. ئەم ڕێژەیە کەمترە لە سێ یەکی ژمارەی دەنگدەرانی ئەمریکا. ترامپ نوێنەری کەمینەیەکی زۆر کەمە. ئەوەی کە ترامپ ئیدیعای ئەکات و ئەڵێ من بە ڕەزامەندی و بە بڕیاری زۆرینەی دانیشتوانی ئەمریکا بوومە بە سەرۆک، درۆیەکی گەورەیە. ئەگەر تەنها ١٪ی ئەوانەی دەنگیان دابوو بە ترامپ، دەنگیان بدایە بە هاریس، ئەوا هاریس براوە بوو، وە ئێستا ترامپ لە چاوەڕێی چوون بۆ زینداندان بوو.

خەڵکی ئەمریکا کە بە تەجرەبەی خۆیان بۆیان دەرکەوتووە بە دەنگدانیان بە هەر کام لە دوو حیزبەکە هیچ لە ژیانیان ناگۆڕێ، وە تا دێ هەژارتر و بێمافتر ئەبن و تادێ سەرمایەی سەرمایەداران ئەچێتە سەرەوە لەسەر حیسابی ناهەموارکردنی ژیانی کرێکاران و وێرانکردنی کۆمەڵگا، ئیتر تاقەتیان چووە لەوەی کاتی خۆیان بە دەنگدان و بەشداری لە هەڵبژاردندا بەفیڕۆ بدەن. خەڵکی ئەمریکا تووڕەن لە سەرمایەداری و هەردوو حیزبە سەرەکییەکە، وەک دوو دیوی یەک دراو ئەیبینن. ئەوان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بردنەوەی هەر کام لە حیزبەکان هیچ هیوایەکیان لێ چاوەڕوان ناکرێ کە گۆڕانکاری ئیجابی لە ژیانی سەختی کرێکاران و هەژارانی ئەمریکادا بکەن.

له ئەمریکادا کە لە ١٩٤٥ ەوە تا ٢٠١١ بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بە درندانەترین شێوە سەرکوتکرابوو، وە سۆشیالیزم (لە قەدەغەکراوەکان) بوو، بەڵام لە ٢٠١١ ەوە لە دوای بزووتنەوەی (ئۆکیوپای وۆڵ ستریت - شەقامی وۆڵ داگیربکەن، کە ناوەندی بانکەکانی ئەمریکایە) ئەو دەقە شکا و لەوکاتەوە جارێکی تر بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی سەری دەرهێناوەتەوە و ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی سەندیکا و پەیوەستبوون بە نەقابە کرێکارییەکانەوە، سەرەڕای فشار و ڕێگری زۆری کۆمپانیاکان، لە گەشەسەندندایە و لانیکەم ئێستا کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی سۆشیالیست ئەتوانن بەئاشکرا باسی سۆشیالیزم بکەن. لە ئێستادا تاکە هیوایەک بۆ کۆمەڵگای ئەمریکا، ئەم بزووتنەوەیە و ئایندەکەیەتی، کە گەشە بکا و بتوانێ ئەڵتەرناتیڤێکی تر و جیاواز لەمەی ئێستا بخاتە بەردەم ئەو کۆمەڵگایەوە.

یەکێک لە ڕێگاکانی بەردەم چینی کرێکار و خەڵکی ناڕازی و هەژارکراوی ئەمریکا ئەوەیە کە تووڕەییەکانیان لەم سیستەمە لەم حاڵەتەی بەرگریەوە دەربێنن و هەر بە بایکۆت ڕازینەبن و ئەو ئەزموونەی کە لە کاتی گرانی گەورەدا و لە ساڵانی ١٩٣٠یەکاندا ئەنجامیاندا، کە لەوکاتەدا خۆیان ڕێکخست و بەلێشاو بوونە ئەندامی حیزبە کۆمۆنیست و سۆشیالیستییەکان و بە ژمارەی زۆر پەیوەستبوون بە نەقابە کرێکارییەکانەوە، کە لەو کاتەدا بەو خۆڕێکخستن و یەکگرتنەیان توانیان لە یەکێک لە قوڵترین ئەزمەکانی سەرمایەداریدا، داخوازییە ڕەواکانیان بسەپێنن بەسەر بۆرژوازیدا و دەستکەوتی گەورە بەدەستبهێنن(٢). ئێستاش ئەتواندرێ ئەو مێژووە دووبارە بکرێتەوە، بەڵام ئەمجارە بە تەجرەبە وەرگرتن لەوەی کە لە گرانی گەورەدا

کردیان، ئەوەیە کە هەر بە ڕیفۆرم و سەپاندنی داخوازییەکانیان بەسەر چینی بۆرژوازی و سەرمایەدارانداا ڕازی نەبن و خەباتیان تا بەرپاکردنی شۆڕش و سەپاندنی یەکسانی و ئازادی، بەردەوام بێت و دنیایەکی باشتر بنیات بنێن. هەر وەک ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ (١٨٧١-١٩١٩) لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا وتی "سۆشیالیزم یان بەربەرییەت". ئەڵتەرناتیڤی بەربەرییەتی ئێستای ملیاردێرەکانی ئەمریکاش تەنها سۆشیالیزمە، کە ئەرکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کریکاریی ئەمریکایە سۆشیالیزم وەک ئەڵتەرناتیڤێک بخاتە بەردەم کۆمەڵگای ئەمریکا.

گەرچی لەئێستادا دونیا بە دەورانێکی زۆر خەتەرناکدا تێدەپەڕێت و فاشیست و ڕەگەزپەرستەکان، ملیاردێرەکان دەسەڵاتی ئەمریکایان بەدەستە و بوونەتە پاڵپشتێکی بەهێزی هەموو هاوشێوەکانیان لە وڵاتانی تردا، بەڵام هێشتا قڵشتی چینایەتی ئێستا و بەربەرییەتی کلیپتۆکراسی و پلوتۆکراسی وئۆلیگارکییەکان حەتمی نییە و بنیاتنانی دنیایەکی باشتر لە سەرمایەداری نەک هەر مومکینە بەڵکو پێویستیشە. بەرەنگاربوونەوە و هاوسەنگی هێزی چینی کریکار و مەحرومانی کۆمەڵگا ئەتوانێت هاوکێشەکە بگۆڕی.

**دووەم:**

فراوانی قڵشتی چینایەتی، گەورەترین قەیرانی سەرمایەدارییە لە ئێستادا. ملیاردێرەکان و سەرمایەداران نەک هەر نایانەوێ چارەسەری بکەن، بەڵکو ئەمە بە کێشە ناناسێنن و ئەیانەوێ قوڵتری بکەنەوە. ئەیانەوێ تا دێ زیاتر سەرمایەکانیان لە هەڵکشاندا بێت. ئەوان ئاڵوودەی سەرمایە و دەسەلاتن، نەک هەر بۆ خۆیان بەڵکو بۆ منالی منالەکانیشیان، بێگومان تەنها بە هێرشکردنی زیاتر بۆ سەر چینی کرێکار و هێنانەخوارەوەی زیاتری ئاستی ژیان و قوڵکردنەوە و فراوانکردنەوەی زیاتری هەژاری لە کۆمەڵگادا ئەتوانن ئەو کارە بکەن.

هەندێک لە سەرمایەداران هەست بەوە ئەکەن کە چینی کرێکار و کۆمەڵگا بەگشتی تووڕەیە لەم قڵشتە چینایەتییە بێوێنەیەی کە ڕوویداوە. سەرمایەداران کە خاوەنی هەموو میدیا زەبەلاحەکانن، کە پارەی بێشومار و دەسەڵاتیان لە دەستدایە، ئەیانەوێ زهنی کۆمەڵگا بگۆڕن و ئەوەیان بخەنە مێشکەوە کە هۆکاری ئەوەی ژیانیان تادێ سەختتر و دژوارتر و هەژارتر ئەبن، هۆکارەکەی سیستەمی سەرمایەداری نییە، بەڵکو کۆچبەرانە کە دێن و ئیشەکانی ئەمان داگیر ئەکەن و کرێی خانوو بەرزدەکەنەوە و خزمەتگوزاریەکان بەکارئەهێنن. ملیاردێرەکان ئەیانەوێ هۆکاری ئەم ئەزمە قوڵەی ئێستا بدەنە پاڵ پەنابەران و کرێکارانی کۆچکردوو. سەرمایەداران ئەیانەوێ سیستەمەکەیان بێتاوان پیشان بدەن و بە هۆکاری سەرەکی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان نەبیندرێ. لە هەموو مێژووی سەرمایەداریدا، چی لە ئەمریکا و چی لە ولاتانی تردا، هیچ کات هێندەی ئێستا قڵشتی چینایەتی فراوان نەبووە. تەنها ٣ کەس لە دەوڵەمەندترینەکانی ئەمریکا سەروەتەکەیان هێندەی نیوەی دانیشتوانی هەموو ئەمریکایە(٣). تەنها بەهۆی هاتنی کۆڤیدەوە سەرمایەی سەرمایەدارە گەورەکان دووقات و زیاتر چووە سەرەوە، وە لەسەرکەوتنی ترامپەوە خاوەنی تێسلەر و ئەمازۆن و فەیسبووک ٢٣٢ ملیار دۆلار، بۆ سەر سەروەتەکەیان زیاد بوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ئەمریکادا کرێی بنچینەیی کرێکار لە ساڵی حەفتاکانەوە لە شوێنی خۆیدا وەستاوە و نەچۆتە سەرەوە، وە تا ئێستاش لانی کەمی کرێ کە حکومەتی فیدراڵی ئەمریکا دیاری کردووە ٧.٢٥ دۆلارە و کۆتا جار کە زیادکرا ساڵی ٢٠٠٩ بوو.

گرانی و هەڵئاوسان بڕسکی لە چینی کرێکار بڕیوە و هەژاری تا دێ زیاتر بەربلاوتر و بڕین و کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانیش پەرە ئەستێنێ.

لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەوانەی خۆشخەیاڵ بوون بە (ماگا) (مەیک ئەمەریکا گرەیت ئەگێن) (٤) کە شعاری ترامپ بوو بۆ هەڵبژاردن، ئەو ڕاستیە ئەبینن کە ترامپ نەک وەزعیان باشتر ناکات، بەڵکو ژیانیان سەختتر و هەژارتر و بێمافتر ئەکرێن وەک لە پێشتر. ئیدارەکەی ترامپ کە ١٣ ملیاردێری تیادایە، بێگومان هەموو کارێکیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیانە نەک ئاوردانەوە لە چینی کرێکار و بەرگرتن لە هەژاری و کەمکردنەوەی قڵشتی چینایەتی.

یەکێک لەو تاکتیکە سەرکەووتوانەی کە ترامپ بەکاریهێنا لە کەمپینەکەیدا، تاوانبارکردنی پەنابەران و کۆچکردوان بوو بەهۆکاری سەرەکی ئەوەی کە ژیانی خەڵکی ئەمریکا ئاوا خراپ بووە. وە هەر لەم ڕاستایەدا درۆی بۆ هەڵبەستن و بە تاوانبار و ڕەیپێست (ئەوانەی دەستدرێژی جنسی دەکەنە سەر ژنان) ناوزەدی کردن. کۆچکردوانی بەوە تاوانبار کرد کە هەموویان تاوانبارن و لە زیندانەکانی ئەمریکای باشوورەوە ڕۆیشتوون و درۆی بۆ هەڵبەستن کە گوایە سەگ و پشیلەی مالیی دانیشتوانی ئەمریکایان دزییوە و گۆشتەکەیان خواردووە. تەنانەت ترامپ نۆ ڕۆژ دوای بوونی بەسەرۆک، کە فرۆکەیەکی نەفەر هەڵگر و کۆپتەرێکی سەربازی لە نزیکی واشنتۆن لە ٢٩/١/٢٠٢٥دا دایان بەیەکدا و ٦٧ کەس بوونە قوربانی، هۆکارەکەی خستە ئەستۆی کۆچکردوان و وتی لەبەر ئەوەی لە تاوەری چاودێریدا هەموو کرێکارەکان سپی پێست نەبووە، بەڵکو دایڤێرستی (کرێکار لە ڕەگەزی جیاواز هەبووە) بۆیە ئیشەکەیان باش نەکردووە و ئەو دوو فرۆکەیە کەوتنەخوارەوە. هەر ڕووداوێکی خراپ ڕوویدا ترامپ بەردەوام کەسانی تری تاوانبار کردووە و هەرگیز لێپرسراوێتی لە ئەستۆ نەگرتووە. ئەمە لەکاتێکدا لەیەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیەوە ئیمزای دەرکردنی سەدان هەزار کرێکاری کەرتی

گشتی ئیمزا کرد و بڕیارە نزیک بە دوو ملیۆن کرێکار دەربکات. بێگومان ئیتر لە سالانی داهاتوودا ڕووداوی لەمجۆرە ئاسایی ئەبێتەوە.

**ئایا پارادۆکسی و دیماگۆجی نێو ئەم تاکتیکەی ترامپ لە چیدایە؟**

لە هەموو ولاتاندا بەردەوام ئەوە خاوەنکار و کۆمپانیا گەورەکانن کە فشار ئەخەنە سەر حکومەتەکان تا کۆچبەران بە ڕێژەی زۆر وەربگرن و بیهێننە ولاتەوە. سەرمایەداران ئەمە ئەکەن، چونکە ئەمە یەکێکە لە فاکتەرەکانی کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆیان. کۆچبەران بەردەوام سەختترین کارەکان بە نزمترین حەقدەست ئەکەن، وە ئەم هێزی کاری هاتووە وەک هەڕەشە لە دژی هێزی کاری ولاتەکانیان بەکارئەهێنن و کرێی کرێکاری پێ لەخوارەوە ڕادەگرن.

ئەی باشە بۆچی لەکاتێکدا ئەمەی سەرەوە ویستی ملیاردێرەکانە و حکومەتەکان جێبەجێی ئەکەن، ئەی بۆچی هەر ملیاردێرەکان خۆشیان بە نموونە (ترامپ و ئیلۆن ماسک) مەسەلەی سەرەکی کەمپینی هەلبژاردنیان کۆچبەرانە و هێرشیان ئەکەنە سەر و بەسەرچاوەی هەموو کێشەکان ئەیانناسێنن؟ ئەوان ئەمە ئەکەن چونکە ئەیانەوێ ئەوەبە خەڵک بڵێن کە سیستەمی سەرمایەداری هۆکاری ئەم قڵشتە چینایەتیە نییە و ئەوەی کە هەژار ئەکەوێ، ئەوەی کە کرێکەت ناچێتە سەرەوە، ئەوەی توانات نییە منالت بنێری بۆ زانکۆ، هۆکارەکەی کۆچکردووانە نەک سەرمایەداری.

ماسک و ترامپ بە ئاشکرا پاڵپشتی هەموو حیزبە ڕەگەزپەرست و دژی پەنابەرییەکان لە ئەورووپا و ولاتانی تردا ئەکەن و هەموویان بانگهێشتی مەراسیمی دەستبەکاربوونی ترامپ کران. ئەوان ئەیانەوێ چینی کرێکار بەشبەش بکەن، بیانکەن بەگژ یەکدا، دابەشیان بکەن بەسەر ڕەش و سپی و قاوەییدا، دابەشیان بکەن بەسەر کرێکاری کۆچبەر و خۆییدا. ئەوان ئەیانەوێ ئێمە ڕقمان لەیەک بێت، لە دژی یەکتربین، یەکنەگرین و پەرش و بڵاو بین، چونکە تا ئێمە ناکۆک و ناڕێکخراوبین، ئەوان ئەتوانن درێژە بە سیستەمەکەیان بدەن و ئێمە بچەوسێننەوە و سەرمایەی خۆیان زیاتر کەڵەکە بکەن. ئەوان بە شەڕە ساردەکانیانەوە مەشغوڵمان ئەکەن، لەشەڕە گەرمەکانیاندا بەکوشتمان ئەدەن، تا درێژە بە دەسەلاتی کەمینەی خۆیان و سیستەمەکەیان بدەن.

ئێستا حیزبە ڕەگەزپەرست و فاشیستەکان، چی تر گرووپی بچووکی نێو پەرلەمانەکانی بۆرژوازی نیین، بەڵکو "دەسەلاتی دەولەت"ی گەورەترین ئابوری دونیا و مەزنترین جبەخانەی سەبازی و چەکی کۆکوژیان لەژێر دەسدایە. ئیلۆن ماسک لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی ترامپدا سلاوی نازیەکانی دووبارە کردەوە و دەستی وەک هیتلەر بەرزکردەوە و لەو ڕێگەیەوە پەیامی بۆ هەموو فاشیست و نازییەکانی دنیا نارد. هەموو ئەوانەی کە ترامپ لە ئیدارەی ئەمجارەیدا دایناوە و لەدەوی خۆی کۆیکردۆتەوە، پشتی بە لێهاتوویی تاکەکان نەبەستووە، بەڵکو مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە دڵسۆزی ترامپ بن و چی بڵێ بیکەن و ڕەخنەی لێ نەگرن. دۆناڵد ترامپ لە ڕۆژی یەکەمی دەسبەکاربوونیدا وتی سەردەمی زێڕینی ئەمریکا لەمڕۆوە دەست پێئەکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەورانی زێڕین تەنها بۆ خۆی و هاوشێوەکانێتی، بەلام بۆ چینی کرێکار و کۆمەڵگا بەگشتی، دەورانی دەستپێکردنی زیاتری هەژاری و ماڵوێرانی و بێمافی و نادڵنیایی زیاترە بۆ چینی کرێکار و مەحرومانی کۆمەڵگا.

بێگومان بۆرژوازی ئەمریکا تەنانەت ناتوانی کەسێکی وەکو بێرنی ساندەرز، کە کەسایەتیەکی چەپی بۆرژوازیە و خۆی بە سۆسیالیست ناودەبات، وەکو کاندیدی سەرۆکایەتی قبوڵ بکات، کەسێکی وەکو ترامپ و بایدن و... ئەو کەسانەن کە بۆرژوازی پێویستیەتی لەناو باڵی ڕاست و فاشیستی سیاسەتمەدارانی چینەکەیدا هەڵیان دەبژێرێت و ملیۆنەها دۆلار خەرجدەکات بۆئەوەی ئەمانە پۆستی سەرۆک کۆماری ئەمریکا بەدەستبێنن.

قەیرانەکانی ئەمریکا ئەوەندە قووڵبۆتەوە، ژیانی زۆربەی خەڵکی ئەمریکا هێندە سەخت بووە، ئەوپەڕی ڕاست یان ئەم پەڕی چەپ شانسی بردنەوەی هەیە. بەداخەوە لە ئێستادا ئەوەی براوەیە، ئەوپەڕی ڕاست و فاشیست و ڕەگەزپەرستەکانە. خەڵکی ئەمریکا هێندە تینووی گۆڕانکارین تەنانەت درۆزن و تاوانبارێکی حوکمدراوی وەک ترامپ کە لە بەڕێوەبردنی بزنزەکەی خۆشیدا سەرکەوتوو نەبووە و تا ئێستا شەش جار ئیفلاسی(٥) خۆی ڕاگەیاندووە، کردیانە سەرۆک. هەر وەک چۆن هیتلەر بە هەلبژاردن هاتە سەرحوکم، ئێستاش ترامپی فاشی ئەو خەتەرەیە لەسەر ئەمریکا و هەموو جیهان، کە پێویستە بەری پێ بگیرێ.

**تێبینی:**

١/لەم لینکەی خوارەوە تەواوی داتاکان ئەتواندرێ ببیندرێ؛

University of Florida, Election Lab
https://election.lab.ufl.edu/

٢ /لینکی وتاری "گۆشەیەکی پرشنگدار لە مێژووی چینی کرێکاری ئەمریکا" کە نووسەری ئەم دێرانە لە ٢٠٢١ دا نووسیویێتی تیشک ئەخاتە سەر ئەو مێژووە و پەیوەندی بە ئێستاوە.

https://emrro.com/gosheyekipirshingdar.htm

٣/ لینکی وتەیەکی بێرنی ساندەرس لە سەنێتی ئەمریکادا کە باسی نایەکسانی ئەکات.

https://www.youtube.com/watch?v=Go5xuokhnQY

٤/ MAGA = Make America Great Again

٥/Bankruptcy زۆرجار سەرمایەداران و کۆمپانیاکانیان کە قەرزێکی زۆریان کردووە و حەقی کرێکارەکانیان نەداوە، بۆ دزین و شاردنەوەی قەرزەکان و ساختەچێتی ئیعلانی ( مایەپووچی- Bankruptcy)ئەکەن.

**٦ی شوباتی ٢٠٢٥**